# یارمەتی یاسایی بۆ مافی مانەوەی هەمیشەیی

### "NOAS" دەتوانێ کام بابەتانە لەبەر چاو بگرێت؟

"NOAS" تەنیا دەتوانێ ڕێنمایی و یارمەتی یاسایی پێشکەش بەو کەسانە بکات کە پەنابەری گوێزراوەن، یان لە نەرویج داوای پەنابەرییان پێشکەش کردووە و بەو پێیە مافی مانەوەیان پێدراوە.

### کەیسەکەتان بۆ "NOAS" بنێرن

ئەگەر دەتانەوێ "NOAS" لە کەیسەکەیتان بکۆڵێتەوە، دەبێ وەکالەتنامەیەکی نووسراو لەگەڵ کۆپییەک لە بەڵگەکانی کەیسەکەتان بۆ ئێمە بنێرن.

بۆ ئەوەی "NOAS" لە کەیسەکەتان بکۆڵێتەوە، ئەم بەڵگانەی خوارەوەمان بۆ بنێرن:

- وەکالەتنامەی واژۆکراو
- بڕیاری مافی مانەوەتان (بە پێی پاراستن بێت یان لە سەر هۆکاری مرۆڤدۆستانە)
- هەر جۆرە ڕەتبوونەوەیەکی داخوازی مانەوەی هەمیشەیی

ئەگەر هەر بەڵگە یان زانیارییەکی دیکەتان هەیە و پێتانوایە بۆ کەیسەکەتان گرنگن، دەتوانن بۆمان بنێرن.

### کات بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەتان

ئێمە هەرچی زووتر لە کەیسەکەتان دەکۆڵینەوە. بە هۆی دەرفەتی سنووردارەوە، لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەتان چەند مانگ درێژە دەکێشێ. "NOAS" هەمیشە هەوڵ دەدات کەیسە بەپەلەکان بخاتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئێمە کەیسەکەتان بگرینە ئەستۆ.

### هەڵسەنگاندنی "NOAS" بۆ کەیسەکەتان

"NOAS" تەواوی ئەو کەیسانە هەڵدەسەنگێنێ کە دەگەنە بەر دەستی. ئەو کەیسانە دەخەینە پێشەوە کە باوەڕمان وا بێت دەرفەتی ڕاستەقینە هەیە کە بە بەشداریمان لەو کەیسەدا دەتوانین ئەنجامەکە بگۆڕین.

### لە هەڵسەنگاندنەکانماندا جەخت لەسەر ئەم بابەتانە دەکەینەوە:

- تا چەندە لە شوێنی ترەوە یارمەتی باشتان وەرگرتووە
- ئایا زانیاری نوێ و گرنگ دەربارەی ئێوە هەیە کە پێشتر UNE / UDI لەبەر چاویان نەگرتبن و لەوانەیە ئەنجامی کەیسەکە بگۆڕن

ئەگەر پێمان وابێت کە ناتوانین ڕەتبوونەوەی کەیسەکەتان ڕاست بکەینەوە، ئەوا ئاگادارتان دەکەینەوە و هۆکارەکەشی ڕوون دەکەینەوە.